Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
2 (2), pp. 209 – 218
http://www.ijoks.com

# The impact of education on individuals in Southern Kurdistan, critical analysis research

*Rezan Osman Mustafa*[1]

**Received**: March 28, 2016 **Reviewed**: April 10, 2016 **Accepted**: May 22, 2016

## Abstract

Our research touches on the critical analysis of the topic. The research is divided into three pivots. In regard to the preamble. According to entrance we pointed out the process of education in relation to the knowledge and goals and quality of these goals to achieve the educational building of the individual. We have divided it into several stages as per the characteristics of that stage. In concern to the pivots, we have dealt with the role of education to excess the conduct message in the field of construction and its effect on nationality aspect; i.e. how the conduct characteristics play their role to educate conscious individual between his compliance with affiliation to his home and citizen. In the second pivot, we have thrown light on the role of education to develop the modern thinking i.e. how far it has to lead modern thinker whether a modern thinking had been found in south Kurdistan. In regard the third pivot, it deals with the role of education to fix and develop national thought and referred to the factors which have effect on this project and its reaction in Kurdish community. Finally, the conclusions are made clear.

**Recommended citation:**
Mustafa, R. O. (2016). The impact of education on individuals in Southern Kurdistan, critical analysis research. *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 209– 218.

[1] Assistant Lecturer, Department of plastic arts, Faculty of fine arts, Salahaddin University Erbil, Kurdistan Region – F.R. Iraq.

## کاریگەری پەروەردە لە بنیاتی تاکدا بەنموونەی کوردستانی باشور، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەییە

*ڕێزان عوسمان مستەفا*

**کورتە**

پەروەردە پێداویستیەکی بنچینەیە لەسەرجەم کایەکانی ژیانی بەتایبەتیش کایەی کۆمەڵایەتی، بەهۆی کاریگەری و گرنگی و بەها و بوونی لە کۆمەڵ و دامودەزگا پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان. ئەمەو چەندین پاڵنەری تر، لەوانە نەبوونی گۆشەنیگایەکی زانستی پلان بۆ دارێژراو و هەروەها شڵەژاوی لەپرۆگرامی پەروەردەیی بوونە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم باسە، جگە لەبایەخدانمان بەبواری پەروەردەیی.

سنوری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تایبەتە بە کوردستانی باشور بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا بابەتەکە زۆر فراوانە، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە سنوربەندی بکەین لەو سنورەدا. لێکۆڵینەوەکەمان بەپآ میتۆدی شیکاری ڕەخنەیی دراسەکردووە.

سەبارەت بەپێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەدەروازیەک و سآ تەوەرە. دەروازەکە تایبەتە بەباسێکی گشتی پەروەردە لەڕووی گرنگی و تایبەتمەندی وئامانجی و ڕۆڵی لەبنیاتی تاکدا، لەبارەی تەوەرەکانیشەوە لایەنی تیوری و شیکاریی و ڕەخنەی بوارەکانە. تەوەری یەکەم تایبەتە بەڕۆڵی پەروەردە لەگەیاندنی پەروەردەدا، تەوەری دووەمیش تایبەتمان کردووە بە گۆڕانکاری نوێکارییەوە ، ئایا پرۆسەی گگۆڕانکاری یانوێخوازی لە کوردستان لەئارایە، تەوەری سێیەمیش تیایدا لەڕووی هەستی نەتەوەیی ڕۆڵی پەروەردە لەو بوارە خراوەتە ڕوو تا چەند باسوخوازی هاونیشتمانی و هاوڵاتی بوون کاریگەری لەسەر ئەم لایەنە هێناوەتەکایەوە.لەکۆتایشدا ئەنجامەکان بەپآ چەند خاڵێک خراوەتەڕوو .

**دەروازە -:**

پەیوەستبوونی مرۆڤ بەپەروەدە و پرۆسەی پەروەدەکردن لەنێوان بواری معرفی و زەینی بێت یاخود دامەزراوەیی پەروەردەیی مێژوویێکی کۆنی هەیە لەنێوان سەردەمی تاریک و چاخی نووسیندا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو پەیوەستبوونە بۆ تێگەیشتنیش نەبێت هەڵبەت بۆ خۆگونجاندنە بەو ڕایەڵەی گۆڕانە بەردەوامەکانی تاک لەنێوان خۆی و خودی خۆی بێت یاخود لەگەڵ بەرانبەردابێت ، بەواتایەی پرۆسەی پەروەردە ڕێگە وهۆکارێکە بۆ بەرچاوڕوونی و یەکلاکەرەوەیەکی ڕێژەییە لەنێوان گۆڕانکاری و بەراوردکردن و نوێکارییە بەردەوامەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ ، هەر ئەمەشە وایکردووە کەوا پێناسەکردنی بێسنور بێت لەوانە کەدەڵێت:( پەروەردە واتە هەموو شتێک ، کە لەپێناو خۆماندا دەیکەین، هەموو ئەو شتانەی ، کە ئەوانی تر لەپێناوی ئێمەدا دەیکەن ، لەو کاتەی کەوا مەبەستەکان لەپێناو نزیککردنەوەی گیان و دەروونمان لەتەواوی بوون و سروشتمان)(رونییە اوبیر- ت عبداللە عبدالدایم: 1972 : 23) ئەمە خوردبوونەوەو تێبینی خۆمان بۆ خود و ڕامانەکانی بەرانبەر وامان لێدەکات کەسات بەسات هەست بەخێزاو و نیشتاوی گۆڕانکاری بکەین کە تیاماندا ڕوودەدات ، هەوڵێک بێت بۆ ناسین و نزیکبوونەوەیکی زیاتر لەکەلێن و پێچو پەنا شاراوەو تێرۆژ پاَنەکەوتووەکان ، بەرەو نوێکاریمان دەبات، کەوا : ( ژیان لەرووی سروشتی پێکهاتەو بنچینەدا هەوڵدەدات بۆ بەردەوامبوونی هەبوونی، لەبەر ئەوەی بەردەوامی ئەو هەبووە پەیوەستە یاخود نایەتەدی تەنیا بەنوێکارییەکی بەردەوام نەبێت ، بۆیە ئەو پرۆسەیە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی نوێکارییە.)(هەمان سەرچاوە :24) بەو واتایەی نوێکاری پرۆسەیەکی بەردەوامە ، ئەگەر هەنگاوەکانی خاو و لەسەرەخۆش بێت لەنێوان ململانآ و گواستنەوەو دڵنیایی کاتیدا، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین پەروەردە ( ئەو پرۆسەیەیە لەکاریگەرییە جیاوازەکان دێتەکایەوە، کە ئاراستەو دەسەڵاتی بەسەر ژیانی تاکدا دەسەپێنێت ، پرۆسەیەکی گشتیەو بۆ گونجاندنی تاک لەگەڵ ئەو شەپۆلی شارستانیەتەی تیایدا دەژیەت.)( د.محمد الگیگی:2002 :39) لەنێوان کۆن و نوێی تەوژمە بەدوایەکهاتووەکان ، کەواتە پەروەردە هاوکێشەیەکی لاسەنگە و هاوتەریبە لەنێوان هەڵکشان و داکشان و پێشکەوتندا، چونکە ژیان لەکایەی گۆڕانکارییە ڕێژەییەکاندا دەچەرخێت ، بۆیە دەکرآ بڵێین پەروەردە پرۆسەی (فەزیلەتە-بەخشندەییە) کە بنەماکەی تێکگەیشتن و وشارییە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرنگی و پێداویستی و ئامانجەکانی پەروەردەمان بۆ ڕووندەکاتەوە تا چەند کاریکەری لەبنیاتی تاکدا هەیە ، کەواتە پێداویستی پەروەردەمان بۆ دەخاتە ڕوو تاچەند پێداویستیەکی بنچینەیە لەژیانی تاکدا لەڕووی :

١. گواستنەوەی شێوازی رەفتاری تاکە لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژیەت.

٢. گواستنەوەی کەلەپوری ڕۆشنبیری لەنەوەکانی ڕابردوو بۆ نەوەکانی داهاتوو .

٣. ڕێکخستنی ئەو کەلەپور و چۆنیەتی گونجاندنی لەگەڵ سەردەمی ئێستای ژیان ، بەتێکهەڵکێشکردنی گرنگ و پێویست و لابردنی ئەو بوارانەی لەئێستادا گرنگ نین.

٤. ئاشنابوونی تاک بەزانیاری نوآ ، ئاگادارکردنەوەی لەهەر نوێیەک لەڕووی تەکنیک و هۆکار و داهێنان و دۆزینەوەکان. )(هەمان سەرچاوە: 38 . (

جگە لەوەی کاریگەری لەسەر نەهێشتنی نەخوێندەواری و هێنانەکایەی گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕامیاری و ئابوری و ... هتد هەیە ، ئەمەش گرنگی پەروەردەمان بۆ دەخاتەڕوو ، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پێشکەوتن و گەشەپێدانی:

١. ژێرخانی فیکری کۆمەڵ ، چونکە هیچ کۆمەڵ و وڵاتێک بەبآ پەروەردە نایەتەکایەوە، بەڵکو هەموو وڵاتێک ستراتیژیەتی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەم پرۆسەیە کەبنەما و ڕێسای بۆ دابنێت و پەیرەوەی بکات .

٢. گەشەپێدانی پەیوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی .

٣. کاریگەری هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی بواری ئابوری لەچالاکی پەروەردەیی و معرفی کەدەبێتە هۆی وشیاربوونەوەی خەڵک لەوەی کاتی خۆیان بەفیرۆنەدن ، ئەمەش وەبەرهێنانە لەکات و وەبەرهێنانی نەتەوەیی.

٤. پاراستنی یەکریزی گەل و بریاردانلەچارەنووسی تاک.

٥. کاریگەری هەیە لەسەر تەکانی گۆرانکاری بەردەوام لەژیانی مرۆڤدا.

کەواتە گوزەرکردن بۆ پێکانی ئامانج لە پرۆسەیەکی هاوشێوەی تۆری جاڵجاڵۆکە ئاسا ئاڵۆز و ناسک و بزێو و رێژەیی کارێکی قورس و سەختە ، کە لەهەمان کاتیشدا ئامانجی دیارو روون ، درێژخایەن و کورت خایەنی هەبێت ، ئەوە جگە لەوەی بەرنامەو رێرەوی پەروەردەیی هەر وڵاتیک تایبەتمەندی خۆی لەچوارچێوەی بوارو مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایینی... هتد ئەو دەوڵەتە رەنگدەداتەوەو مامەڵەی لەئاستدا دەکرێت، چونکە خودی پەروەردە خۆی لەخۆیدا ئامانجە لەپێناو بنیاتی تاک ، کە بەپآ شوێنکات دەگۆرێت ( زەمەنی جەنگ ، شەر ، ئاشتی ، قەیران... هتد ) بۆیە لێرەدا هەندآ لەو ئامانجانە دەخەینەروو لەوانە :

١. پێگەیاندنی هاوڵاتی لێهاتوو، و چالاک لەچوارچێوەی پەروەردەکردنێکی هاوسەنگ گرنگی بدات بە پالنەرو زەین و بیر و هەست و هەڵچوونەکانی .

٢. پێگەیاندنی لەرووی چونیەتی بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی .

٣. پێگەیاندنی تاک لەرووی ئایین و دنیاوە، کە هاوسەنگ بێت لەگەلر ئەو شێوازەی دنیا وەسفی کردووە .

٤. بنیاتنانی تاکی دیموکراتیخواز، هەروەها کۆمەڵگایەک دیموکراتیەتی تیایدا بەرقەراربێت ، تاک مافەکانی خۆی بزانێت و پەیرەوی بکات ، چۆن بەئەرکەکانی هەڵسێت .

٥. پێشکەوتنخوازی.

٦. لایەنی زانستی، ئەمەش لەرێگەی تەئکیدکردنەوە لە گواستنەوەی زانیاری فێرخواز ، تاکو کەڵکی لێ وەربگرێت.

٧. ئامانجی خودی کۆمەڵایەتی.

٨. ئامانجی میسالی و کرداری.*(د. معتز اليابونی:2006 :24 ، ر.د.عبدالله الرشدان:1999 :42) کەواتە بەدیهێنانی ئامانجێک یا زیاتر لەو ئامانجانە لە هەر سەردەم ، قۆناغ ، کایە.... هتد بێتە کایەوە خۆی لەخۆیدا پێکانی سەرکەوتن و بەجآهێنانی ئەرکی پەروەردەبووە.

تەوەری یەکەم : رۆڵی پەروەردە لەگەیاندنی پەیامی رەوشتیدا .

مرۆڤ لەو رۆژەی درکی بەبوونی خۆی کردووەو وێڵی بنیات،خەڵقی خۆی بووە لەپێناو مانەوەی لەسەر شێوازو چۆنیەتی ژیانیان، چونکە هەر کۆمەڵک شێوازێکی تایبەتی خۆی لەپاراستنی کاتورو دابونەریت و بیروباوەرو معرفەو گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوویی، چونکە پرۆسەی پەروەردە تەنیا پەیوەست نییە بەئەرکێک، راسپاردەیەک، قۆناغێکی ژیان، بەڵکو کۆمەڵآ ئەرک و راسپاردەیە، کاریگەری جۆراوجۆری بەردەوامی ژیانە، کە ناکرێت دیاری بکرێت،( هاوشێوەی گلێنەیەکی قورسازی پارچەپارچەی لەسەر یەکتری دادەنرێت، بەجوانترین شێوەش روخساری برازێدرێتەوە)، بۆیە دەکرآ بڵێین پرۆسەی پەروەردە خەڵقکردن و داهێنانە تەوەری بزۆێنەری بنچینەیشی رەوشتە، کە هاوشێوەی خولگەیەک، گەردیلەیەک رەگەزەکانی( سیایەت، رۆشنبیری،ئایین، زمان، پێگەیاندنی پیشەیی - پیشەسازی، کشتوکال، ئابوری - کۆمەڵایەتی ...هتد ) بەدەوری دەسورێنەوە لەنێوان هەڵکشان و داکشان و هاوتەریبی رەگەزەکان

لەنێوان خۆیاندا لەشوێنکاتێک تا شوێنکاتێکی تر، بەواتایەی دەوڵەت یاخود کۆمەڵ بایەخ بەلایەنێک دەدات و لایەنێکی تر فەرامۆش دەکات( بایەخ بەلایەنی پیشەیی دەدات، لایەنی کۆمەڵایەتی پەراوێزدەخات.) لەژیانی تاکدا، لەو حاڵەتەیشدا تاک لەژیانی ڕۆژانەیدا کرچ و کاڵ و پوکاو دەبێت، ئەمەش وایکردووە پرۆسەی پەروەردە بەردەوامیەتی هەبێت و هەوڵبدات لەپێناو هێنانەکایەی هاوسەنگیەکی ڕێژەیی بەردەوامی گۆڕاودا لەلایەک خۆی لەخۆیدا تێکەڵەیەک بێت لەڕووی ئەوەی زانستەو پەیوەستە بەکۆمەڵآ یاساو ڕێسای دیاریکراو، کە ئامانج و شێوازی تایبەت ەبخۆی هەبێت لە بەدواداچوونی تیورە پەروەردەیەکان، کە بەردەوام لەنوێکاریدان و لەتواناشدایە لێکۆلینەوەکان بچێە بواری ئەزموونەو، هەروەها هونەریشە لەڕووی چێژ وەرگرتن لەهونەرەکانی پەروەردەیی و کارە زەینیەکاندا( نموونەی سفر ـ لە فیزیا هێزی کێشکردن)، کە چۆن کەسی بەخێوکەر- بەروەردەکار جێبەجێدەکات، جگە لەوەی فەلسەفەشە لە و ڕوانگەو ڕامانانەی، کە گەڕانە بەدوایی ئەو ئامانج و مەبەستانەی، کە لەسەر بنەمای فەلسەفی دەیخاتەڕوو، کەواتە فیکری پەروەردەیی ڕووێکی تری فەلسەفەیە( بوون، معرفە، ڕەوشت، بەها ... هتد) کەبەستراونەتەوە بەیەکەوە لەڕێی چونیەتی سەرەنجەکانی لەمرۆڤ لە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا، لەلایەکی تریش پەیوەندی بەزانستەکانی ترەوە( دەروونناسی، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، ئامار، مێژوو...هتد) ڕایەڵەیەکی تری ئەو پرۆسەیە لەو تۆڕە جاڵجاڵۆکەیە، کە چەندە پەیوەستە بەبنیاتی تاک لەڕووی ڕەوشتەوە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر چەند خاڵێک لەوانە :

١. زمان. یەکێکە لە بنەما بنچینەیەکانی دەربڕین و گواستنەوەو پردی پەیوەندی نێوان تاکەکانە لەنێوان خۆی و خودیدا(مۆنۆلۆگ) و تاکەکانی کۆمەڵدا، کە پەیوەستە بەکۆمەڵآ ئادگارو بنەماو ئەتەکێتی سەردەمیانەی زمان، هەرچەندە( مرۆڤ ناتوانێت نەمری هەموو شت و بۆچوونەکانی، کە لەمێشکی دەخولێنەوە، بەزمان گوزارشتیان لێ بکات)(ستیفن اولمان ـ ت.کمال محمد بشیر:1988: 6) بۆیە مرۆڤ بەردەوام پەنای بۆ هۆکار و زمانی تر بردووە، تاکو ئاکار و ڕووکاری خۆی پەرەپێبدات و بیپارێزێت و هەڵبدات، تاکو بتوانێت ڕایەڵەو گونجانەکانی لەگەڵ خۆی و بەرانبەرەکەیدا ڕێکوپێک و کراوەبێت، چونکە هاتنە ئارای تێک نە گەیشتن یاسا نابێتە چاککرەوەو ڕێکخەری، بەڵکو هەندآ چاوپۆشی و زبریی و لەدەستدانی متمانەو گومانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە هەوڵدان بۆ هێنانەئارای ئاکارە زمانییەکان کاریگەری و پشت ئەستوری پرۆسەی پەروەردە تۆکمە تر دەکات، بەڵام لە کوردستاندا دەکرآ بڵێین تاڕادەیەک بەشێوەیەکی سەرتاسەری زمانێکی زبر لەسەرجەم دامودەزگاو جومگە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵ لەئارادایە( قوتابخانە، میدیا، دامودەزگای فەرمی...) ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک:

ڕ- ڕێزنەگرتن و بایەخ نەدان بەزمانی دایک.

ب- نەبوونی زمانی ستاندارت( باڵا دەستی ناوچەگەریەتی.).

ت- بانگەشەی بەشێک لە ڕۆشنبیران بۆ قەرزکردنی زمانێکی بیانی( نموونە قەرزکردنی زمانی ئینگلیزی.).

پ- بایەخ بەدان بەشارەزایی کایە کۆمەڵایەتیەکان، کەهەڵێنجراوی بەها و بیروباوەر و شێوازی کۆمەڵە.

ئەم هۆکارانەو چەندینی تر وایکردووە بڵێین کەوا ئێستای کۆمەڵ لەنێوان( دواکەوتوویی لەزانست، پەشێوی لەسیاسەت، شپرزەیی لەئابوری، پارچە پارچەیی، تێکچوونی ئاکار، شڵەژان لەزەین، لەقیوی و ناجێگیری بیروباوەر، بۆشی چۆڵاوانی روح، جیاوازی لەڕیزەکان،جیاوازی لەئامانج و مەبەستەکان، ئەمە جگە لەهۆکارو ڕێڕەوەکان.)( یوسف القرچاوی: 1977: 16) گوزەردەکات و پێویستە بەم دیاردەو هۆکارانە بچینەوە، تاکو بتوانین ئەو کەموکۆڕیانە بنەبڕ بکەین.

٢. بایەخدان بەپەروەردەی ڕەوشتی بەچەمکە گشتیەکەی لەڕووی( دەروونناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی، فەلسەفە)، کە پەیوەستە بە ڕەوشتی تاک لەکۆمەڵدا.

٣. ئینتیما. مەسەلەیەک، ململانێیەک، مشتومڕێکی یەکلاکەرەوییە لەبواری وشیاری و ڕەوشتیدا، پێشکەوتن و تێگەیشتن، لەگەڵبوون و بەکارهێناندا لەنێوان بەکۆیلەبوون لەبآئاگایی و ئازادیدا، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پآبکەین ئینتیما بۆ کەس و خاکەڕاییە: کەدەکرآ لەئینتیمابوون بۆ تاک( هاوشێوەی کۆلارەیەکی بەرزە فڕە، کە جڵەوی لەدەستی یەکێکی تردایە) و تەنیا جێبەجێکارە، بەو واتایەی تەنیا کەسایەتیەکە بەکاردەهێنرێت، بەپێچەوانەی تاکی خاکەڕا تاکڕەویی خۆی

پاراستووە لەپاڵبوونی کەسایەتیەکی سەربەخۆ و ئازاد لەبریارداندا، سەبارەت بەرۆژهەڵات بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دیاردەی ئینتیما بوون بۆ تاک باڵادەستە بەنەرانبەر ئینتیمابوون بۆ خاک، کە لەتەوەرەکانی تردا هۆکارەکان دەخرێتە ڕوو .

تەوەری دووەم: ڕۆڵی پەروەردە لەپێشخستنی گۆڕان و نوێخوازیدا .

گۆڕان. دیاردە، ڕووکار، سیما، سیفەتێکی بەردەوامیەتی ژیانی کۆمەڵە بەگشت جومگەو ڕواڵەتەجیاوازیەکانیەوە لەڕووی( ژینگە، زانست، ڕۆشنبیری...هتد)، کەواتە دەکرآ بڵێین گۆڕان( تێروانینی جیاوازی خەڵکە بۆ مەبەست، یاخود ئەو جیاوازیانەیە کە لەشێوەی ژیانی پەسندکراودا( تەقلید ـ باو) هەیە، ئەگەر ئەو جیاوازییە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی لەبار ودۆخی جوگرافی، تواناکانی ڕۆشنبیری، پێکهاتەی دانیشتوان، ئایدیۆلۆژیەت یاخود بەهۆکاری بڵاوبوونەوەوداهێنان.)( محمد لبیب النجیحی: 1976: 238) بەو واتایەی گۆڕان ڕێژەییەو لەبوارێکدا دێتەکایەوەو دواترکاردانەوەی لق وپۆپآ پەل دەهاوێت بۆ نێو بوار وکایەکانی ترو لەئەنجامدا گۆڕانکاری دێتەکایەوە، بۆیە دەکرێت گۆڕانکارییەکان دابەش بکەین بۆ دوو بەشی سەرەکی :

١. گۆڕانکارییە بەردەوامەکان( ناوەکی ـ دەرەکی) ( ژیانی کۆمەلر ـ تاک).

٢. گۆڕنکارییە هەوڵ بۆدراوەکان. ئەمانە دوو جۆرن:

ڕ- گۆڕانکاری ڕیزبەند ( بنیاتنان ـ هەڵکشان وپێشکەوتن).

ب- گۆڕانکاری لەناکاو ( هۆکاری سروشتی لەوانە: لافاو، بوومەلەرزە، شۆرش ، کە سەرجەم وڵات و کۆمەڵگاکان پێداتآپەڕیون.).

کەواتە دەکرآ بڵێین هۆکارەکانی گۆڕان زۆرن و کاریگەرییان هەیە لەچۆنیەتی و چەندیەتی گۆڕاندا لەوانە :

١. هۆکاری سروشتی و پێشکەوتنخوازی.

٢. هۆکاری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی( هاوتەریبی گەشەو گۆڕانی زانستی پێویستە بایەخ بە بەها ڕەوشتیەکان و لایەنی دەروونی و گیانی بدرێت.

٣. هۆکاری زانستی و تەکنولۆژییەکان( هۆکاری گواستنەوەوگەیاندن) .

٤. هۆکاری ڕۆشنبیری.

٥. گۆڕانکاری لە پەروەردەدا:( لێرەدا مەبەستمانە پەروەردە هۆکاری گۆڕنکاری بێت.).

٦. شۆرش و ڕاپەڕینەکان. شۆرش و هەندآ جار ڕاپەڕینیش تایبەتە بەکۆمەڵێک یا چینێک، بەواتایەی گۆڕانکارییەکان، کە دێنەکایەوە دەبنە مایەی پرسیار و بەدواداچوون، ئایا لە چ ئاستێکە، چی لەخۆی گرتووە( باش، خراپ، ناشیرین، جوان) یاخود سوڕانەوەو چەرخەدانە بەدەوری هەمان بزوێنەردا، یاخود پێشکەوتن و هێنانەدی نوێیە. ئەمەش لەوڵاتێک،

کۆمەڵێک، سەردەمێک، قۆناغێک تا قۆناغێکی تر جیاوازە، چونکە هەریەکێک خاوەن هۆکارو تایبەتمەندی و وەزیفە و ئامانجی خۆیەتی .

سەبارەت بەکوردستان دەکرآ بڵێین ئەوەی ڕوویداوە گۆڕانکاریی بووە، چونکە گۆڕانکارییە سەردەمییەکان لەکۆتایی سەدەی 19و سەرەتای سەدەی20 تیرۆژیان بەدیارکەوت، هەر لەسەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری و کردنەوەی قوتابخانەو دامەزراندنی ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکان...هتد، هەرچەندە گۆڕانکاری هێنایەکایەوە، بەڵام تێکەڵی پێوەدەبینرێت لەلایەک ئەم فاکتەرانە لەنێو کایە کۆمەڵایەتیەکان نەتوانەوە، بەڵکو تەنیا تێکەڵاوبوون، بەواتایەی پێکهاتەی دەستە جەمعی کۆمەلڕ ئامادەیی تیایدانەبوو، ئەمە جگە لەوەی هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لەبیستەکانی سەدەی رابردوو، و ڕاگەیاندنی دەستوری عێراقی سەرجەم هاونیشتمانیانی عێراقی( نەتەوە جیاوازەکان) لەژێر کاریگەری ئەو دەستورە بوونەو بۆتە بەشێک لەپێکهاتەی ئەنپرۆپۆلۆژی ئەو تاکە، ئەوە وایکردووە تاکی کورد بەردەوام لەململانێیەکی دژواردا هەڵبسوڕێتەوە لەنێوان هەستی شۆڕشگێری، کەداوای مافی چارەنوس و ئازادی دەکات لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دروشمسازی برایەتی، کە یارییەکی بازنە داخراوەکانە .

هەروەها لەکوردستاندا( نێردراوە زانستیەکان) بۆ دەرەوەی وڵات نەبووە تاکو شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، و یەکەمین دەرچووانی( زانکۆ) دەستە جەمعی لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە بەولاوە بووە، جگەلەوەی تەنیا دیاردەی خوێندنەوە هەبووە(بیرکردنەوەو درک پێکردن) لەو بارەیەوە شێرزاد حەسەنی نووسەر زۆر بەسەلیقەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش وەسفی سەردەمی خۆیان دەکات، کە دەڵێت، ئێمە لەنێوان فیلمی هیندی و هولیوددا نەماندەزانی بینەری کامیان بین*( ڕۆژ نامەی هاوکاری1989)، چونکە تاکی کورد خولیای جەربەزەیی گەشت و گەڕیدەیی نەبووە، بەڵکو ئەوەی تیایدا خولاوەتەوە بیرو خەیاڵی بووە هاوشانی خوێندنەوە ئەمە لەلایەک، هاوتەریبی مشتومڕو ململانآ پەنجاکان و دواتر لێکەوتەی شەڕی ناوخۆی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، پەیوەست بوونی بەئینتیمابوونی بۆ تاک لەلایەکی وایکردووە گوزەرکردن و جوڵانەوەی لەبازنەیەکی داخراوبێت. هەرچەندە دەگوترێت، لەدوایی ڕاپەڕین گۆڕانکاری و نوێکاری هاتۆتەکایەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە پەروەردە لەئاستی فێرکردنێکی شکست خواردوو، و جوینەوەی جوینەوەی ئەزموونی ئەملاو ئەولا تێنەپەڕیوەو نەگەیشتۆتە ئاستی پەروەدەکردنی تاک بەشێوازێکی سەردەمیانەو ئەو ئامانجانەی، کە مەبەستە، چونکە نوآ نایەتەکایەوە تەنیا بە:

١. بەخۆداچوونەوەو کەلچەرو کلتوری نەتەوەیی ببێتە ژێرخانی بەرنامەی پەروەردە .

٢. سوود وەرگرتن لە ئەزموون و تیورە نوێیەکانی پەروەردە، بۆ دەوڵەند کردنی بەرنامە مەبەستدار لەهە کۆمەڵێک بێت .

سەبارەت بەبواری ڕۆشنبیریش، گۆڕانکاری و وەرچەرخان هاتۆتە کایەوە بەتایبەتیش پۆپەی پێشکەوتنی لەچلەکانی سەدەی ڕابردوو واڵابووە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە ئاستی وشیاری و کۆمەڵایەتی نەپێکاوە بەهۆی پآخلیسکانی هەندآ لە کەسایەتی و ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر بەکاری حیزبییەوە، ئەوە وایکرد نسێیان شەپۆڵاوی بێت و خاوەن شێوازی خۆیان نەبن و لەنگەر نەگرن، جگە لەوەی گۆڕانکارییەکان لەنێو کایەی کۆمەڵایەتیدا نەتوانەوە بەڵکو لەڕووی هزرییەوە بەچەقبەستوویی مانەوە، لەم بارەیەوە ڕەشید نەجیب دەڵێت : ( بەشەر تابیعی دوو مەزهەبە، ئوسولڕ و یا تەرزی حەیاتن، تەرزی ئیشتراکی، تەرزی ئیستلالی: مع الاسف ـ ئێمە وەک ئوعجوبەیەکی تەبیعەت خارجی ئەم دوو سنفە ماینەو. نەتەوەیەکی ئیستقلالی ئینفرادی وەهامان هەیە ـ کە عند الایجاب ـ فەردێکمان بەخۆیدا ڕابپەرموێت قەرار و عەزمی شتێک بکات و بیهێنێتە حەیزی فیعلەوە، نەتەوەیەکی ئیشتراکی کۆمەڵی وەهامان هەیە کە 10،15 وە یا بیست کەسمان بۆ ـ تەتبیق ـ ی غایەکی موشتەرەک بۆ خۆیان قەراربدەن و بۆ گەیشتن بەم غایەیە هەوڵبدەن.)( ئومێد ئاشنا:2001: 148)، بەو واتایەی تاکەکان نزیکترن لە ئینتیمابوونیان بۆ تاک و هەروەها خاوەنی بڕیارو ئازادی نەبن، بەردەوام دەبێت و هۆکارەکان دەخاتەڕوو، و دەڵێت: ( بەلای منەوە ئەسبابی ئەم بآقەرارییە، بآعەزمی و بآسوباتییە ئەمانەیە: ئەوەڵەن لە کونهو ئەساسی ئەو ئیشەی ئەمانەوآ قەراری لەسەر بدەین وردنابینەوەو بەنەزەرێکی سەتحی تەماشای ئەکەین، سانیەن لە تەتبیقی ئەم قەرارە تووشی چ نەوعە ئەحوال و شەرائیت وە یا مەوانعێک ئەبین لێکی نادینەوە ـ ادنی ـ مانیعەیەک تووشی سقووتی خەیاڵمان ئەکات و سارد ئەبینەوە.)(هەمان سەرچاوە: 149)، کەواتە دەبێت پلان وبەرنامە( درێژخایەن ـ کورت خایەن) و پێشهاتە دابنرێت، دەکرآ بەدیهێنانی ئامانجەکان دەرفەتی لەبارتری هەبێت و بپێکێنرێت، چونکە ئەوەی جێگەی

وردبوونەوەو ڕامانە لەبواری پەروەردەدا، بەرپرسیاریەتی پەروەردە لەڕووی ئەرک و ڕۆڵی لەکاتی گۆڕانکاریەکاندا نۆژەنکردنەوەو بنیاتنانەوەی بنیاتی کۆمەڵە، لەوانە :

١. پێداچوونەوەو شکنین و لێکۆڵینەوە لە بنیات، بۆچوون، بیروڕا و دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان مانای ڕەتکردنەوەی کەلەپوری ڕۆشنبیری نییە، بەڵکو هێنانەکایەی گۆڕانکاری گونجاوە تیایدا بەر لە لەدەستدانی بەها بەنرخەکان لە ڕوشنبیری، ئەمەش واقعیەت و ئازادی و دینامیکیەتە، کە پێداگیری لەسەر پێشکەوتن دەکات هەروەها کۆمەڵگا هەڵسێت بەگۆڕانکاری پێویست لەکاتی گونجاودا.

٢. پێداچوونەوەو پشکنین و بنیاتی بەردەوام، ئەم تێڕوانینە ناگەێنێت،کە هەموو شتێک پێویستە لە ئێستادا بگۆڕێت، بەڵکو پێویستمان پادەبێت لەو هەڵوێستانەی کە کێشە کۆمەڵایەتیە ترسناک و ململانآ توندوتیژەکان دێتەکایەوە.

٣. بەردەوامیەتی دووبارەکردنەوە تەنیا لەسەر بنەمای (عەقڵی) نابێت، بەڵکو دەبێت تێڕوانینێکی گشتگیری ( شارەزایی و پسپۆری) توانا مرۆڤایەتیەکان و بنەما ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگا لەڕووی بیرۆکە و کاری تیەری و پراکتیکی بکرێت، ئەمە جگە لەوەی دەبێت گرنگی بەتاک بدرێت وەکو گشت نا تەنیا بایەخ بەلایەنی زەینی بدرێت، هەروەها هەماهەنگی نێوان دامودەزگا پەروەردەیی و پەروەردەکاران لەگەلڕ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سەنتەرەکان پتەوبێت.)( ڕ.د. عبداللە الرشدان: 1999: 292-293)، کەواتە مەبەستی پەروەردە سازشکردنە لە پێناوبەدەسهێنانی بچوکترین ئامانج.

تەوەری سێیەم: ڕۆڵی پەروەردە لەچەسپاندن و بەرەو پێچوونی بیری نەتەوەییدا .

سەرەداو تا سەرەداو لەڕووی بابەت، چەمک، دیاردە جیاوازە بەهۆی تایبەتمەندی و ئەرک و وردەکاری و ئاڵۆزی و کێشمەکێشمی دوێنآ وئەمرۆ و داهاتوویدا، نەخاسمە لە بابەتێکی وەکو بابەتی نەتەوەییدا لەپالڕ ئەمانە، خودی هەستیاری بابەتەکە خاوەن ئەگەری بنەما، ئاراستە هاوشێوەی هاوکێشەکی هاوسەنگە، هاوتەریبی قەبۆلڕ ناکات، واتا ئەگەر لەهەندآ بابەتدا بڵێین گونجان ڕێگەچارەبێت ئەوە لەم بابەتەدا شێواندنەو بەرەو هەڵدێری دەبات، چونکە بنەمای سەرەکی بیری نەتەوەیی تێگەیشتنە بەو واتایەی: ( نەتەوەیی ڕاست و دروست چالاکی بەستراوەتەوە بەهەستی تاکەکانی لە یەکبوون و یەکگرتوویی جۆرەکەیان، هەروەها وێکچوونی بنچینەیی لەنێوان دابونەریت و سروشتیان... بنچینەی نەتەوایەتی هەستکردنە بە (ئێمە) یاخود هەستکردنە بە ئینتیمابوون بۆ دەستەو کۆمەلڕ.)(سعید اسماعیل علی :1987: 123)، هێنانەکایەی ئەم تایبەتمندییانە پەیوەستە بەکۆمەڵآ بنەما، لەوانە :

١. بواری ڕۆشنبیری. کاریگەری زۆری هەیە لەیەکبوون و ( یەکخستنی هزر و بیر وهەستی خەڵک بەشێوەیەک کە یەکبوونێکی مەعنەوی بهێنێتەکایەوە، هاوشێوەی نۆتەکانی میوزیک، گونجان و بەدواداچوونی دەیان دەنگ و ئاوازی دەرچووی دەیان ئامێری جۆراوجۆرە.)( هەمان سەرچاوە: 148) بەو واتایەی بوونی چین و توێژی کۆمەڵە بە ئاست و دەنگی جیاوازەوە .

٢. زمان. سەرجەم کایە و بنەما کۆمەڵایەتیەکان کۆدەکاتەوە .

٣. ڕژێمی ڕامیاری. ڕێکخستنی یاساو ڕێککەوتنەکانە.

٤. خێزان. پێگەی یەکەمی پەروەردەیە.

٥. کلتور و کەلەپور. ژێرخانی هزری و بیرو هەستی نەتەوەیە، دەوڵەمەندکردنی بە ئەزموونی ئێستای پێشکەوتوو .

ئەمە جگە لەوەی لەلایەکی تر سەرجەمیان پێکهاتەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بنیات دەنێنن، کە هەر کۆمەڵێک بەشدارە لەو ڕێرەوە مرۆیەدا. کەواتە ڕۆڵی پەروەردە کارکردنە لەسەر ئەم بنەمایانە بۆ پتەوکردنی فیکری نەتەوەیی لەتاکدا، سەبارەت بەکوردستان هەرچەندە ئەم بنەمایانە هەن بەڵام چۆن مامەڵەی لەئاستدا کراوە، کاتێک وردبینەوە لە قسەکانی مەلیک فەیسەڵ کە دەڵێت: ( لەعێراقدا گەلێک نییە، گەلی عێراق بێت، بەڵکو کۆمەڵە مرۆڤێک هەن، بەتاڵن لەهەر بیرێکی نیشتمانی، دەرهاویشتە و لق وپۆی ئەفسانە و بیروڕای ئایینین، هیچ کۆکراوەیەک کۆیان ناکاتەوە. گوێی لە خراپەدەگرن، بەردەوام ئامادەن پەشێوی بنێنەوەو ڕاپەڕین بەرانبەر هەر حکومەتێک بکەن، ئێمە وادەبینین، کە لەم کۆمەڵانە گەلێک پێکبهێنین، فێریان بکەین، مەشق وڕاهێنانیان پآبکەین، ئاست تەنگی و فێرکردن و بنیاتنانی گەلێک لەم بارودۆحەدا دەبێت هەوڵ و کۆشێشکی زۆری بۆ بدرێت، بۆ بنیاتنانی ئەم پێکهاتەیە.)( عبدالكريم الازرى: 5)، کەواتە هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی بوونێک نییە بەناوی هاوڵاتی بوون، بەڵکو هاونیشتمانی بوونە، ئەمە تێڕواننی دروستکەرانی دەوڵەتی عێراقی بووە، بۆیە هەر لەسەرەتاوەو پێشتریش لەبواری پەروەردەدا کە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد بەرتامەیەکی هەڵپەسێردراو دانراوە، بەو مەبەستەی لەبەرژەوەندی ئەو گەلە نەبێت و بەدەوری هەمان خولگە بسوڕێتەوە، هۆکاری بەرەوپێش نەچوونی پرۆسەی پەروەردە لەڕووی ژێرخانی هزرییەوە بۆ دەستوری عێراقی دەگەڕێتەوە، تاکو ئێستاش بنەماکانی پەروەردە ئاشکرانین و بەردەوام خەریکی پەلەقاژەو پەلۆ پۆهاویشتن و بەگەڕخستن و پراکتیزەکردنی پەروەردەی ئەملاو ئەولان لەسەر گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کوردیش بەتایبەتی، هەرچەندە کوردەکان بەپآ بڕیاری ژمارەی (74)ی ساڵی 1931ی( عێبە الامم ) توانیانە ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراقی ناچار بکەن، تا ئەو ڕادەیەی( بڕیاری ئەوەیاندا... کوردەکان مافی فێربوونیان بەزمانی خۆیان لەقوتابخانەکاندا هەبآ و زمانی کوردی بەناوی زمانی ئیداری و حقوقییەوە بناسێنرێت.)( منژر الموێلی: 1991: 227)، ئەمە خۆی لەخۆیدا پاڵنان و ئاراستە و ورەی ئەو گەلانەی عێراق بەتایبەتیش کورد بەرەو پابەندبوون و پەیوەستبوون بەیەکیتی نەتەوەیی بردووەو تاچەند سووربن لەسەر مافەکانیان بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووس بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە، تاکو ئێستاش پاشماوەی ماوەتەوە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون لەڕێی وەرگێرانەوە جێبەجێکراوە، بەو واتایەی ئەو کلتورو بەرنامەو بیروباوەڕە هەر بنجی هەبووە، کە ئەوان مەبەستیان بووە. لەکاتێکدا دەبێت پێداچوونەوە بە پرۆگرامی پەروەدە بکرێت ئاراستە و پنتەکانی بەگوێرەی ژێرخانی فیکری کورد دابرێژرێت، تاکو ئامانجەکانی چەندین ساڵەی لەڕووی پەروەدە، ڕۆشنبیری، ڕامیاری، نەتەوەیی بپێکێت... هتد، نەک بەتێکەڵی هاوشانی کلتورێکی تربێت. ئەمە جگە لەوەی مەسەلەی چەمکی هاوڵاتی بوون و هاونیشتیمانی بوون مەسەلەیەکی هەڵپەسێردراوی ترە هەروەک لەقسەکانی مەلیک فەیسەڵدا ئاماژەی بۆ کراوە، پێکهاتەی عێراق چۆن یەکنین، کۆمەڵێک پێکهاتەن، واتە نەتەوەی کورد هاونیشتیمانیە و بەردەوام هەستی بەهاوڵاتی بوونی خۆی نەکردووە، بۆیە بەردەوامیش لە شۆڕش وڕاپەڕین بووە بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆی وەکو کیانێکی سەربەخۆو ئازاد، تاکو لەململانآ هاونیشتیمانی دەرچێت هەست بەهاوڵاتی بوونی خۆی بکات، ئەمە پاڵنەرێکی بەهێزبوون بۆ پێگەیشتوویی هەستی نەتەوەیی لەچلەکاندا، بەڵام ئەوەی مایەی ڕامانە شەڕە دەنوک (میدیا) و شەڕە ناوخۆییە یەک بەدوا یەکەکان بیری نەتەوەیی سەرقاڵی لەقین و گومان و دڵەڕاوکی...هتد کردووە، ئەمەش نیگەرانییە لەئێستای تاکی کورد ئامانج نەبێت و بەگومانەوە بڕوانێت، لە ئەنجامدا خاوەن بڕیارێکی ڕاست و دروست نابێت.بۆیە ئەرکی پەروەردەیە لەئێستادا بتوانێت کار بۆ سەقامگیری ئەم بوارە(بیری نەتەوەیی) بکات، متمانە بگەڕێنێتەوە بۆ تاک، چونکە هەر وەک لەسەرەتا ئاماژەمان پێکرد کرۆکی بیری نەتەوایەتی تێکگەیشتنە نەک گونجان ( یاسا)، لەبەرئەوەی( یاسا شتێکە دەسەڵاتدارەکان دەینووسنەوە... کاتێک مەسڵەحەتەکان لە یەکدی جیادەبنەوە تەنانەت لەناو یەک گروپدا بەکارهێنانی توندوتیژی ئامادەیە.)(ئانشتاین و فرۆید:2007: 18). بە واتایەی بیری نەتەوەیی هاوشێوەی جەستەیەکە کەمترین کەموکۆڕی کاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی بوونێکی ساغ.

**ئەنجام**

پاش لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی( کاریگەری پەروەردە لە بنیاتی تاکدا(بەنموونەی کوردستانی باشور)) گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١. پەروەردە دەبێت پەیوەست بێت بەژێرخانی زەینی گەلەوە.

٢. پەروەردە پەیوەستە بەسەرجەم کایە و بوارەکانی ژیانەوە .

٣. پرۆسەی گۆڕانکاری هاتوتە کایەوە لەکوردستاندا، بەڵام نوآ نییە، چونکە شارچییەتی و عەشریەتگەری بوونی هەیە.

٤. پێویستە پێداچوونەوە بەبەرنامەو پلانی پەروەردە لە پێدچوونەوەی وردی لەسەرجەم بوارەکانەوە بۆ بکرێت.

**سەرچاوەکان.**


1- ئومێد ئاشنا: ڕەشید نەجیب(ژیان و بەرهەمەکانی1906-1968)، دەزگای ئاراس، 2001، هەولێر.
2- رونييه اوبير: ت. عبدالله عبدالدايم: التربية العامة, دار العلم للملايين، 1972, بيروت.
3- ستيفن أولمان: ت.كمال محمد بشر، دور الكلمة فى اللغة، مكتبة الشباب، 1988.
4- سعيد اسماعيل: الفكر التربوي العربي الحديث، عالم المعرفة- المجلس الوطنى للثقافة و الفنون، 1987، الكويت.
5- أ.د. عبدالله الرشدان: علم الاجتماع التربية، دار المشرق للنشر والتوزيع، 1999، عمان- اردن.
6- عبدالكريم الأزرى: مشكلة الحكم فى العراق، بدون سنة الطبع.
7- د. معتز الصابونى: علم الاجتماع التربوي، دار أسامة، 2006، عمان- أردن.
8- محمد لبيب النجيحي: الآسس الآجتماعية للتربية، مكتبة الآنجلو المصرية، 1976، القاهرة.
9- منذر الموصلي: عرب و أكراد- رؤية عربية لقضية الكردية، دار العلم، 1991، دمشق.
10- د. محمد الطيطي و أخرون: مدخل الى التربية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، 2002 ، عمان.
11- يوسف القرضاوى: الحلول المستوردة، مؤسسة الرسالة، 1977، بيروت.